

سێبەرێکی تر

## ئاریا و ئەخلاقی هونەریی

(دووهەفتە جارێك (کامەران سوبحان) لەئەدەب وهونەریی کوردستانی نوێ دەینوسێت.)

یەکێك لەبابەتە گەرمو گوڕەکانی ئەم هەفتەیە قسەکردنێکی هەمەلایەنەبوو لەسەر وەستانی زنجیرە درامای ئاریا لەلایەن کەناڵی ئاسمانی کوردساتەوە، ئەو قسەکردنانەش جۆرێك لە جۆرەکان ئیدانەکردن وناڕەزایی دەربڕین بوو بەرامبەر وەستانی دراماکە ، هەروەك چۆن بە پێچەوانەشەوە بەرەیەکی تر هەبوو ناڕازیی بوو لە نمایشکردنی ئەم درامایە، ئەم حاڵەتەش وەك نەریتی زۆرێك لە گرفتە سیاسی وکۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی کۆمەڵگەی خۆمان زۆرجار لەسەر کێشەکان قسەدەکرێت و هیچ ئامانجێکیشی نابێت، بەڵام ئەم کێشەیەی (ئاریا)ش بەدەر نیە لەم حاڵەتەو لەماوەی ئەم هەفتەیەدا زۆر ڕۆژنامەو سایتی ئەلکترۆنی قسەیان لەسەر ئەم وەستانەکرد، بەجۆرێك زۆرجار قسەکردنەکانیش جۆرێك لە عەفەوی بونی پێوەدیاربو، بەتایبەتی سایتەکانی ئینتەرنێت، ئەوەی لای من گرنگە لەم کێشەیەدا تەشهیرکردنی ئاریا نیە بە کارەکتەرە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، وەك ئەوەی مامۆستایانی ئاینی باسی لێوەدەکەن، بەڵکو ئەم کارەی کەناڵی کوردسات جارێکی تر وادەکات کە ئێمە بەسەرجەم تێڕوانین وبۆچونەکانماندا بچینەوە لەسەر ئازادی داهێنان وبەرتەسکردنەوەی ئازادییە هونەرییەکان وئەخلاقیاتی هونەریی لە کوردستان، بریا مامۆستایانی ئاینی چاوەڕوانیان دەکرد تا دوا ئەڵقەی ئاریا ئەوسا دڵنیام نەك ئەوان بەڵکو ڕەخنەگرانی هونەریش زۆر هەڵەو کەم وکورتی تری ئەم درامایەیانەی دەخستە ڕوو..

گەر من لەسەر بنەما هونەرییەکانی ئاریا قسەبکەم ڕەنگە دونیایەك کێشەی هونەریی تێدا بدۆزمەوە، بەتایبەتی لە سەر ئاستی نواندن، کە ڕەنگە بەشێك لە ئەکتەرەکانی ئەم درامایە لەڕوی نواندنەوە لەئاستێکی زۆر خراپدا بووبن لەبەردەم کامێرادا(بەپێی ئەو پێنج ئەڵقەیەی کە ئێمە بینیمان)، بەڵام قسەکردنی من لەسەر پاراستنی ئەخلاقیاتی هونەریی هونەرمەندە کە زۆرجار لە هاوکێشەیەکی سیاسیدا پێگەی کارەکتەری هونەرمەند دەخرێتە ژێر پێوە، ڕەنگە بەپلەی یەکەمیش هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆ ئاستی داهێنان و پێگەی هونەرمەندی کورد بگەڕێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو هەردەم بەشێك لە هونەرمەندانی کورد لەبەردەم کارەکتەرە سیاسیەکاندا لەئاستێکی نزمدابوون، ئیدی با ڕۆڵی ڕێکخراوە هونەرییەکان بخەینە ئەولاوە کەهەردەم دروشمی( بێدەنگی و دەستگرتن بەکڵاوەکەی خۆمەوە تا بانەیبا)یان هەڵگرتووە!!

ئەم کارەی کە کوردسات ئەوەی پێوتین کە ئەو مافی ئەوەی هەیە لە هەرکات و لەهەرشوێنێکدا ویستی دەتوانێت دەست لەهەمو بەرهەمێکی هونەریی وەردات وبەرهەمی هونەریی بوەستێنێت، بەبێ ئەوەی هیچ بەهایەك دابنێت بۆ ئەو سەروەتە هونەرییەی کە هونەرمەند هەیەتی..

زۆرخۆشتر دەبوو کە ئەو کەناڵە پێش نمایشکردن مافی نمایشی نەدایە بە ئاریا، بەبیانوی ئەوەی ئاستی دراماکە لاوازە، نەك بەو زمانەی کە دەڵێت(لەگەڵ ستراتیژی کەناڵەکەماندا ناگونجێت)، پێم وایە ئەم زمانە بۆ وەستانی

دراماكه جۆرێك له ئیستفزازی تێدایه بەرامبەر به هونەرمەندانی ئەو درامایه، باشه دەپرسین گەر ئەو درامایه جیاوازبوو لەو دەقەی که پێشتر ڕەزامەندی لەسەر دراوە ئەی ئایا پاش مونتاژکردن لیژنەی هەڵسەنگاندن نیه؟؟ گەر هەیه بۆچی ڕێگەتان دا پێنج ئەڵقە نمایشبکرێت؟؟

ڕەنگه ئەم وەستانەش مۆدێلێکی نوێی هونەریی بێت، با چاوەڕوان بکەین و بزانین لەچەند ڕۆژی داهاتوودا کێشەکان بەرەوکوێ دەچن وهەڵوێستی تری کەناڵەکەو هونەرمەندان کێشەکان بەچ لایەکدا دەخات؟